Sorani

# ڕاپەڕینی پەناخوازان لە باواریا

پاش مانگێک ڕێکخستن لە کەمپەکانی ویلایەتی باواریا، لە کۆنفرانسی ناشارومەندان کە لە ڕۆژەکانی ٦ و ٧ سێپتەمبەر بەڕێوە چوو، پەنابەران بڕیاریان دا ڕێپێوانێک لە شاری مونشێن وەڕێخەن و پاشان کەمپی زێندلینگەرتور بگرنە دەست. مەبەست لەو کارە ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ هەل و مەرجی سیاسی زاڵ بە سەر کێشەی پەنابەران دابوو.
ئەو کەمپە تا کاتی چاپ بوونی ئەو بابەتە لە لایەن پۆلیسەوە ئیزنی مانەوەی پێدراوە و تا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ کەسی تێدا دەژی.
دوای ٣ حەوتوو لە گرتنی ئەو مەیدانەی شار، نارازیان بڕیاریان دا ڕێپێوان بکەن لە نێوان دوو گەورەشاری مونشێن و نۆرێنبێرگ.
مەبەست زیاتر راکێشانی ڕای گشتی و دەربڕینی نارەزایەتی بە شێوەگەلی جۆراوجۆر بوو.
ئەو ڕێپێوانە لە ڕۆژی ٨ی ئوکتۆبەر دەستی پێکرد و پاش ٨ ڕۆژ و پێوانی زیاتر لە ٢٠٠ کیلۆمەتر بە پێ، گەیشتنە شاری نۆرێنبێرگ و لە بەرامبەر بینای ویلایەتی کۆچبەران BAMF خۆپیشاندانیکی مەزنیان ڕێخست.
بە دەنگی بڵیند خواستەکانیان دەربڕی:
ئێمە دەمانهەوێ هەموو ئەوانەی لەو وڵاتە دەژین مافی مانەوەیان هەبێت و ئیقامەیان پێ بدرێ.
هەموویان دەبێ مافی کار کردن و دەرس خوێندن و دیاری کردنی شوێنی ژیانیان هەبێ. خواستی سەرەکی ئێمە وەرگرتنی ئیقامەیە. چون هەموو خواستەکانی تر مافی شارومەندین و تەنیا دەدرێن بەوانەی کە ئیقامەیان هەیە.
٣١ ئۆکتۆبەر نارازیان مان گرتن لە خواردنیان ڕاگەیاند (لە زندێلینگێرتوور). لە هەموو ناشارومەندان_کۆچبەران داوا دەکەن پەیوەستیان بن.
لە بەرلین، کاتێک دەمانهەویست ژمارەی سێهەمی جەریدەی "بەرەنگاری ڕۆژانە" ئامادە کەین، بریارمان دا کە ئەو ژمارەیە بە تەواوی تەرخانی ڕاپەڕینی پەنابەران بکەین. ئەو دەرفەتەمان قۆستەوە تا پەیامی هاوپشتی ڕاپەڕیوەکانی باواریا بگەیێنین بە هەموو ئەو کۆچبەرانەی لە ئاڵمانیا دەژین و لە هایم و لاگەکان دا نیشتەجێن.
ئەم ژومارەیە گوڵبژێرێکە لە هەموو ئەو نوسراوانەی کە پەناخوازە ڕاپەریوەکان لە ٣ مانگی ڕابردوو دا نووسیویانە. ئەم ژمارەیە بە ٧ زمان وەرگێڕدراوە: فارسی، ئینگلیسی، ئاڵمانی، ئۆردوو، عەرەبی، فەرانسەوی و کوردی (سۆرانی).

دەتوانن داوای جەریدەکە بکەن بە زمانەکانی تر:
dailyresistance@oplatz.net

کاتێک ئەم جەریدەیە دەخوێننەوە، نارەزایەتی باواریا پەرەی سەندوە و دەتوانن هەواڵە تازەکان لە ماڵپەڕەکەمان بخوێننەوە:
RefugeeStruggle.org و یان لە لاپەڕەی فەیس بووکی
.Refugee struggle for freedom

oplatz.net

# بەرەنگاری ڕۆژانە

WE WILL RISE
Refugee Struggle For Freedom
Protest March 2016
München to Nürnberg

| | |
|---|---|
| wolof, italiano: | 0152 148 686 4 |
| اردو, english, deutsch: | 0152 129 352 53 |
| اردو, english: | 0152 105 272 80 |
| فارسی ,سورانی, deutsch: | 0179 609 947 6 |
| فارسی, türkçe, deutsch: | 0176 569 525 58 |
| wolof, english: | 0152 120 311 37 |
| wolof, français, deutsch: | 0176 266 795 36 |
| wolof, español: | 0152 192 209 67 |
| اردو, english: | 0152 175 140 56 |

inforsff@gmail.com
refugeestruggle.org
facebook.com/RefugeeStruggle
whatsapp: @refugeestruggle



## یاسای ئەنتێگراسیون و نارەزایەتی ئێمە

مونشێن ٢٩ی سێپتامبەری ٢٠١٦, ٢٣یەمین رۆژ لە زێندلینگەرتور

لە خۆپێشاندانی ئەمرۆکەمان، گرووپێک لە نوێنەرانی ئێمە بە دژی یاسای ئەنتێگراسیۆن (تێکەڵ کردن) قسەیان کرد.

ئێمە وەک گرووپێکی خۆسەری ناشارومەند بە ئامانجێکی دیاری کراوی سیاسی لە زێندلینگەرتور کۆ بووینەتەوە تا بە دژی یاسای ئەنتێگراسیون نارەزایەتی دەربڕین. ئەم یاسایە هۆکاری ستەم و پەراوێزخرانی خەڵک دەبێ. بە پێی ئەم یاسایە ئێمەی کۆچبەر ناچار بە قەبول کردن و خۆگونجاندن لە گەڵ کلتووری زاڵی ئاڵمانیا دەکا لە حاڵێک دا کە لە نێو ئاڵمانیەکانیش دا کەسانێکی زۆر هەن کە بە دەس کلتووری وڵاتەکەیانەوە وەزاڵە هاتوون. ئەم یاسایە توانایی ئەوەی داوەتە دەست کە منالانی کەمپەکان نەنێردێنە مەکتەبی دەوڵەتی. تەنانەت بە پێی ئەم یاسایە ئەو کەسانەی کە جوابی پەنابەریەکەشیان قوبول دەکرێ ناتوانن شوێنی ژیانی خۆیان دیاری بکەن و دەبێ هەر لەو شار یان گوندە بمێنەوە کە تێی دا دەژین.

پۆلیس توانایی دراوەتێ کە بە دڵخوازی خۆی و تەنانەت بە بێ ئیزنی حاکم بێتە کەمپەکان و هەر هەڵس و کەوتێک کە پێی باش بێت بیکا. هەموو ئەوانە پێشێل کردنی سەرەتایی ترین مافە شارومەندیەکانی ئێمەیە لە ئاڵمانیا.

ئەم کێشەیە کاتێک قوڵ دەبێتەوە کە لە ویلایەتی باواریا بڕیار دەدرێ کە پێش بگرن بە چوونی کۆچبەران بۆ مەزبەحەکان و کتێبخانەکان.

ئێمە خوازیارین ڕێگەچارەیەکی ڕاستەقینە بۆ کێشەکانمان بدۆزرێتەوە نەک یاسای ستەمکارانە. دەسەڵاتدارانی ئێرە بۆ ژیانی ئێمە بڕیار دەدەن بە بێ ئەوەی کە خۆمان کەمترین تەدەخولمان هەبێ. ئێمەی ناشارومەند هیچ نوێنەرێکمان نیە.

بەو پێیە ئێمە سەرەتا داوای مافی دەنگدان بۆ هەموو دانیشتوانی ئەم وڵاتە دەکەین.

دووهەم داوامان دانی حەقی کارکردن بۆ هەمووانە. ناشارومەندان لەو وڵاتە ناچار بە کار کردن بە مەعاشی کەمتر لە یەک ئۆیرۆ بۆ هەر سەعات دەکرێن. هەر ئەمە دەبێتە هۆی داکشانی مەعاشی هەموو کرێکاران، دووبەرەکی دەخاتە نێوان کرێکارانەوە و هەموو کۆمەڵگا کە خۆی دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ زیادبوونی هەستی نەتەوەپەرەستی و بە هێزبوونی عونسوریەکان و بڵاو بوونەوەی نەفرەتی نەژادی لە نێوان خەڵک دا.

ئێمە هاوپشتی کرێکارانی "ئشتقاسێر"ین کە ڕۆژی جومعە بە دژی دیپۆرتی هاوکاری دێرنیان دەس لە کار دەکێشنەوە.

سێهەم، لە جیاتی یاساگەلی دواکەوتوانە، ئێمە خوازیاری مافی بەرابەر و مافی مانەوە بۆ هەمو ئەوانەین کە لە ئاڵمان دەژین. ئەو کۆمەڵگە چینایەتیە ماوە بەسەر چوە و دەبێ تێپەڕێ. ئەو کۆمەڵگە چینایەتیە هیچ ڕێگاچارەیەکی بە دژی شەڕ، قەیران و هەژاری نیە. ئەم کۆمەڵگەیە خۆی دایکی بێکاری، ڕەگەزپەرەستی، چەوسانەوە، نایەکسانی ژن و پیاو و لە ناو بردنی ژینگەیە. نە تەنیا لە ئاڵمانیا کە لە هەموو جیهان.

ئەو بیرۆکەیە کە دەرکردنی منالە کۆچبەرەکان لە مەکتەب داهاتوویەکی باشی لێدەکەوێتەوە و چاوەڕوان کردنی ئەوەی کە ئەو منالانە خۆیان بگونجێنن لە گەڵ کلتووری زاڵ خۆی نیشان دەری ئەمەیە کە ئەو یاسای ئەنتێگراسیۆن بە ڕێگایەکی باش دا تێ ناپەڕێ.

ئێمە وەک گرووپێکی سیاسی و خۆبەڕێوەبەر لە ناشورمەندان، کە لە ٧ی سێپتامبەرەوە لە زێندلینگەرتور بۆ وەدەست هێنانی مافی یەکسان بۆ هەموو ئینسانەکان هەنگاو دەنێین، ئێستا دەمانهەوێ بە دژی ئەم هەل و مەرجە تێکۆشان بکەین. ئێمە وەک خوارترین بەشی چینی کرێکار لە ئاڵمان لە گەڵ هاوڕێیانی ترمان لە یەکێتیە کرێکاریەکان لە دژی ئەم یاسایانەی هەڵاواردن دەخەنە گەڕ یەکمان گرتوە، شان بە شانی یەکتر خەریکی ڕێکخستنین و نارەزایەتی دەر دەبڕین. هاوپشتی لازمە و ئەم هاوپشتیە دەبێ هەم بە کردەوە بێت و هەم سیاسی. چون ئەو یاسایە هێرشێکی تازەیە بە دژی هەموومان.

## کۆبونەوەی ڕۆژنامەوانی 27.9.2016
## ڕێپێوان بەرەو نورێمبێرگ بەرنامە دارێژراوە

مونشێن، ٢٧ سێپتەمبەر ٢٠١٦, رۆژی ٢١ی ژیان لە زێندلینگەرتور

ئەمرۆ لە کۆبونەوەی ڕۆژنامەوانی، کۆچبەرانی نارازی لە زێندلینگەرتور لێکدانەوەی نارەزایەتی خۆیان کرد و هەنگاوەکانی داهاتووی خۆیان بۆ ڕۆژنامەنووسان شی کردەوە:

بەیانێکی خوێندراوە لە کۆبونەوە ڕۆژنامەوانیەکە:

ئێمە پەنابەرانی جیهان، ئێمە قوربانیانی ئەو دادپەروەریە، ئەو دادپەروەریەی کە هەم پشتگیری دەکا و هەمیش کوشتار. هەمان دادپەروەری کە نایهەوێ ئێمە بە بۆنەی وڵاتەکەمان، ڕەگەزەکەمان یان ئایینەکەمان وەک کۆچبەر وەربگرێ. ئێمە شارومەندانی ئەو جیهانە، لە زێندلینگەرتور کۆ بووینەتەوە.

هەناسەتان ڕاگرن، ئەمە شەری گۆڕینی مێژوە. شەر بە دژی ڕەگەزپەرەستی، گەندەڵی و دوژمنایەتی کە تەنیا ئێمە قوربانیەکانین.

ئەوان دەڵێن ئێوەی کۆچبەر هەموو شتێکتان هەیە و داوای زۆرتر دەکەن. بوونی هەموو شتێک بە بێ مافی مانەوە و ژیان بە چ مانایە؟ ژیان لە کەمپ بە مانای دارا بوونی هەموو شتێکە؟ بە ڕۆژ خەوتن و تەنیا تەوالێت چوون و خواردن بوونی هەموو شتێکە؟

پێش ئەوەی قسە بکەن بڕێک بیر بکەنەوە.

لە ئەمرۆکەی جیهان دا کەس ئاسایشی نیە، ئێوە دەڵێن هەموو پەنابەران، لە هەژاری هەڵاتوون و دەبێ بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان. سەرسوڕ هێنەرە کە ئێوەی ئەوروپی لە کاتی قەیرانی ئابووری دا ئەو مافە بە خۆتان دەدەن لە هەموو شوێنێکی جیهان دا بە شوێن کار دا بگەڕێن ئەما ئەو مافە بۆ ئێمە بە ڕەوا نازانن.

بە داخستنی سنوورەکانتان، ئێوە هۆکاری مەرگی خوشکان و برایانی ئێمەن لە بەحرەکان و بیابانەکان. ئەگەر ئەو مەرگانە لە تی ڤیەکانەوە بڵاو بکرێتەوە زۆربەمان تەسلیم دەبین و کۆچ ناکەین بۆ ئەوێ، بۆ ناوەند. بە ڕاست لەوێ چ باسە؟

کایە کردن بە هەمووشتێک و خستنە مەترسی گیان بۆ گەیشتن بە ئەسایش و ئارامی قوربانی کردنی خۆمان نیە؟

دەسەڵاتدارانی ئێوە بەڵێنی ئاسایشیان دا بە ئێمە، بەڵام لە کۆتایی دا مەبەستیان تەنیا بازەرگانی بوو. بازەرگانی بە مەبەستی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازێک بۆ ڕەوایی بەخشین بەو بازەرگانیە.

ئێمە بە ناوی مرۆڤایەتی دژی ئەو سیستەمەین و تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان خەبات دەکەین.








# کاتێک 60 ملوێن کۆچبەر هەیە کێشەکە لە کوێیە؟

مونشێن ١٤ سێپتەمبەری ٢٠١٦, ڕۆژی هەشتەم لە زێندلینگەرتور

لە ساڵانی ڕابردوو، کۆچبەران لە شارەکانی ئاڵمان و دنیا ناڕەزایەتیان دەربڕیوە. بە پێچەوانەی ڕابردوو، ناڕەزایەتی ئێمە تەنیا لەو شوێنە کە مونشێن بێت خۆی دەرنەبڕیوە. ئێمە دەمانهەوێ ناوەرۆکی "قەیران" و "شاڵاوی کۆچبەران" بدەینە بەر ڕەخنە. ئەو سیمایەی لە ئێمەیان سازکردوە دڵخوازی ئێمە نیە. سیمای ئێمە پەنابەری ئابوورین، ژمارەمان زۆرە، تەمەڵ و کارنەکەرین، تێرۆریستین، جەنایەتکارین، قوربانین و هەتا دوایی. ئێمە بەو سیمایە رازی نین.

سەرەڕای بوونی بەڵێنی سیاسی و خۆبەخشانە لە چەند ساڵی ڕابردوو، بەڵام ئەو یاسایانەی کە ژیانی ئێمە تێکدەدا و بیرۆکەیەک کە لە سەر ئیستێعمار و ڕەگەزپەرەستی بنیاد نراوە هەروەک خۆی ماوەتەوە. هاوکاری بۆ پەنابەران هەرچەند ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکا بەڵام وەک دڵۆپێک لە دەریایەکە، چوون هاوکات ڕەگەزپەرەستیش روو لە زیاد بوونە. هێرش بۆ سەر کەمپی "ئارسۆن" دەرخەری ژیانی ڕۆژانەی ئێمەیە. یاساکانی مەحکەمە و دایرەی ئیقامەی بیانیەکان (ئاوس لەندەر بێهۆردە) رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێ. بەو هۆیانە ناڕەزایەتی دەربڕین زەروورە.

نیشان دانی ئەو ڕوخسارە بە جیهان، شەرعیەتی هەیە ، لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن ئەوە روخسارێکی "درامایە". ڕوخسارە دراماکان لە لایەن وڵاتانی باکوورەوە ساز دەکرێن. کاتێک ٦٠ ملوێن کەس کۆچبەر هەیە کێشەکە لە کوێیە؟

ئەوە زەرورەتی ناڕەزایەتیە.




# با دەنگمان بەرزتر کەینەوە، تا ئەو کۆمەڵگا ئاوەژوە بگۆڕین

مونشێن ١٣ سێپتەمبەری ٢٠١٦, حەوتەمین ڕۆژ لە زێندلینگەرتور

یاساکانی پەنابەری، یاسای ئەنتێگراسیۆن، کردەوە ڕاسیستیەکان و ...

ڕاستی بوونی ئێمە چیە و بۆ لە زێندلینگەرتور ڕاوەستاوین؟

ئێمە لێرەین تا مافی مانەوەمان وەرگرین، تا لە پێش چاوی خەڵک بین، تا لە گەڵ دەسەڵاتداران قسە بکەین، تا هاوڕێ و هاوکار بۆ خۆمان بدۆزینەوە و بتوانین لە ژمارەیەکی بەرفراوان دا تێبکۆشێن و یاساکانی پەنابەری بگۆڕین.

ڕابردوو دەمانتوانی بە دەربڕینی ناڕەزایەتی یاساکان بگۆڕین. بۆ نمونە لە هاوینی ٢٠١٢ ڕێپێوانی پەنابەران لە وورتسبوورگ تا بەرلین و لە وورتێسبوورگ و بیرویت تا مونشێن توانیان یاساکانی ناوچەی هاتوچۆ، سست بکەن. ئەو یاسایە دوورکەوتنەوە لە زیاتر لە ٤٠ کیلۆمەتری کەمپەکانی بۆ پەنابەران قەدەغە کردبوو.

بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوو دا یاساکانی پەنابەری دیسان دژوارتر بوونەوە، پەکەیجە پەنابەریەکان و یاساکانی ئەنتێگراسیۆن دیسان ژیانی ئێمەی دژوارتر کردەوە. بۆ نمونە یاسای ئەنتێگراسیۆنی ٦ ئوتی ٢٠١٦ ئێمە ناچار دەکا لە کەمپەکان بمێنینەوە، لە هەمان شوێن کە تێیدا دەژین، ئەگەرچی ئیقامەی کاتیشمان هەبێت ئەو خاڵە یاساییانە دەتوانن دیاری بکەن ئێمە لە کوێ دەبێ بژین.

دژوار بوونەوەی یاسا پەنابەریەکان یانی ئەوەی کە چیتر نەخۆشی بەربەستی دیپۆرت کردنەوە ناکات. تەنانەت ئەگەر نەخۆشیەکە بە دیپۆرت بوونەوەی کەسەکە خراپتر نەبێ (بۆ نەخۆشیە سەختەکانیش هەروا) دیپۆرت دەکرێ. ئەوانە تەنیا دوو نموونە لەو شتانەن کە زیاد کراون بەو دژواری و تەعزیبەی پەنابەران تەحەمولی دەکەن.

لە کردەوە دا زۆرێک لە پەنابەران مافی کار و فێر بوونی زمانی ئاڵمانیان نیە، ناچارن چاوەڕوانی تەواو بوونی ماوەی کۆچبەریان بن و پەنابەریەکەیان وەرگیرێ، یان خۆ ئیقامەی "دولدونگ" وەرگرن کە دەبێتە ئیقامەی "تەحەمول کراوەکان"، یانی شایەد ٢٠ ساڵ لە کەمپەکان بمێننەوە بە بێ مەدرەسە، بێ ئیش، تەنانەت ناتوانن برۆن بۆ وڵاتێکی تریش.

ئێمە ناشارومەندان مەشموولی مافی مرۆڤ نابین، ئێمە مرۆڤین بەڵام بەهرەمەند نین لە مافی ئینسانی خۆمان، تەنیا کاتێک کە داوای پەنابەریمان قوبول بکرێ لەو مافی ئینسانیە بەهرەمەند دەبین. تەنیا بەو مەرجە ئێمە لانیکەمی مافەکانمان وەردەگرین. بێ وڵاتی بۆ ئێمە بێقانونی هێناوە و بۆیە ئێمە مافی مانەوەمان دەوێ.

داوای ئێمە بە بۆنەی جەهل و ڕەگەزپەرەستی ڕەد دەکرێتەوە، هەڵسوراوانی پەگیدا (ڕەگەز پەرەستانی ئاڵمانی کە خوازیاری هاوپشتی نیشتمان پەروەرانی ئەورووپین بە دژی ئیسلامی بوونی ئەوروپا کە لە ڕاستی دا بە دژی موسولمانان تێدەکۆشن) دێن و فیلممان لێ هەڵدەگرن، یان ڕێکخراوەی ناسیۆنال-سوسیالیست "ڕێگای سێهەم" نوسراوەی ڕەگەزپەرەستانە بڵاو دەکەنەوە و ئەو فاشیانەی کە لە هیچ ڕێکخراوەیەک دا نین هێرشمان بۆ دێنن. دوێنێ، باغەوانەکانی شارەوانی ئاویان بە بەشی ژنانی خێوەتەکانمان داکرد. ئەنجامی ئەو کارە بوو بە ئەوەی کە شکایەت لە کۆچبەرێک کرا کە دەیویست سەیارەکەی شارەوانی ئاگادار کاتەوە تا ئاویان پێدا نەکا.

ئەمڕۆکە لە خۆپیشاندانێکی ڕانەگەیێندراو، تووڕەیی خۆمان لە ناڕەواداری دەربڕی، ناڕەوایی لە مێزی زانیاری، لە ئیمەیڵەکان، لە ڕووبەرووبوونەوەی فاشیەکان، لە ڕووبەرووبونەوەی هەڵسوراوانی پەگیدا و کەسانی تر دەبینین. ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ ڕاسیسم و بۆ مانەوەی خۆمان هۆشداری بدەین. لەو کاتەدا دوو ناشارومەندی هاوڕێمان لە هۆش چوون. ناشارومەندان لە شەقامەکانی مونشێن لە باری دەرونەیەوە تێک ڕوخاون و هۆکاری هەموو ئەوانە ئەوەیە کە : ماوەی پەنابەری درێژخایەنە و سەرکوتگەریەک کە دەرون و جەستەی ئێمەی تێک داوە.

ئێمە بۆ هاوکاری و دژایەتی لە گەڵ ڕەگەزپەرەستی بەنگەواز دەکەین، بۆ بە فەرمی ناسینی نامرۆڤانەبوونی ئەم یاسایانە و ئەوەی کە ئەو یاسایانە چۆن ئێمە پەراوێز دەخا و تێکمان دەشکێنێ و ژیانمان تەنگەبەر دەکاتەوە.

ئەوڕۆ سەردانی ڕێکخستنەکانی پارتی سەوز و پارتی سوسیال دێمۆکرات و سەندیکای "د گ ب" مان کرد بەو هیوایەی کە بتوانین پەیوەندیان پێوە بکەین و دانوستان بکەین لە گەڵیان.

بۆ سەندیکاکان: ئێمە دەمانهەوێ کار بکەین!

بۆ دەسەلاتداران: ئێمە مافی مانەوەمان دەوێ، یانی بەهرەمەندی لە مافی ئینسانی خۆمان!

بۆ هەموو شارومەندان، گرووپەکان و ڕێکخستنە دژی فاشیەکان : خۆتان ڕێک خەن و لە بەرامبەر ئەو یاسایانە ڕاوەستن، هەڵوێست بگرن و دەنگتان هەڵبرن!

بۆ ڕۆژنامەنووسان: لە سەر دژواریەکانی یاسای پەنابەری و دەرئەنجامی ئەوانە لە سەر ژیانی ئێمە ڕاپۆرت بنووسن!

سپاسی هەموو ئەوانە دەکەین کە هاوپشتیمان دەکەن.



# خەباتی ئێمە تەنیا بۆ مافی مانەوە نیە

خەباتی ئێمە تەنیا بۆ مافی مانەوە نیە، وەک زۆر یەک لە خەڵکی جیهان ئێمە بە دژی نەتەوەپەرەستی تێدەکۆشین. ئەمڕۆ نزیک لە ٣٠ کەس لە هاوڕێیانی ئێمە لە بەرامبەر کونسولی کۆماری ئیسلامی لە مونشێن کۆبونەوەیان کرد تا نەتەوەپەرەستی بە دژی کۆچبەرە ئەفغانستانیەکان لە ئێران شەرمەزار کەن. هەمان نەتەوەپەرەستی کە چەند حەوتوویەک لەمەوبەر گیانی کیژێکی ستاند چون لە ئێران وەرگرتنی ئەندامی لەش بە نەخۆشە کۆچبەرەکان قەدەغەیە. یان لە شیراز (یەکێک لە شارەکانی ئێران) کۆچبەرە ئەفغانستانیەکانیان بە چاوی بەستراوەوە لە قەفەس خست و لە مەیدانێکی شار خستیانە بەر چاوی جەماوەر. تەنیا بە تاوانی ئەوەی کە لە ئەفغانستان لە دایک بوون و ئێرانی نەبوون.

ئێمە خەبات دەکەین بۆ گیانی تاکەکان. ئێمە تاسەباری سەدان کۆچبەری خنکاوی کەنارەکانی میسرین کە لە ڕۆژانی پێشوو دا بوونە قوربانی ئەو دیوارەی دەوڵەتە ئوروپاییانە لە دەوری ئەوروپا هەڵیان چنیوە. تاوانبارانی سەرەکی ئەوانن نەک کۆچبەران!

ئێمە هاوپشتی دەکەین لە گەڵ خەباتکارانی ئەمریکا بە دژی ڕەگەزپەرەستی، کە لە حەوتووی پێش دا ڕەشپێستێک بە گولەی پۆلیس کوژرا. با شەری یەکەم و دوهەمی عالەمیمان لە بیر نەچێتەوە، دوو شەر کە بە ملوێنان کەسی کردە قوربانی. ئێستا لە سەدەی ٢١ داین، سەردەمێک کە هیچ بڕیارنامەیەک ناتوانێ پێش بگرێ بە کوژرانی خەلکی بێتاوان چ لە ئیجە و ساهارا یان بە دەستی پۆلیس.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژنامەوانی حیزبی سێ ئێس ئو، بە ئێمەیان گووت کەسانی ئاژاوەگێر، ئەوە وتەی کەسانێکە کە لە پشت مێزەکانیان دادەنیشن و خەڵکێک کە هەموو بەهرەمەندیەکانیان لێ ستاندراوەتەوە قەزاوەت دەکەن. ئەگەر ئەوانیش لەو هەل و مەرجەی ئێمە دا دەژیان قەزاوەتەکەیان دەگۆڕا. هەروەها ئەم حیزبە زۆر بوونی مەیلی کۆمەڵگا بۆ لای سیاسەتە ڕاستڕەوانەکان حاشا دەکا. شتێک کە لە هەموو ئاڵمانیا خەریکە ڕوو دەدا.

کێ لە دەوری ئەوروپا دیواری کێشاوە؟ کێ تەقە لە خەڵکی بێتاوان دەکا؟ ڕێژەی مردن لە جیهان نیشان دەدا کە تاوانباری سەرەکی کێیە. لەو جیهانە دا هیچ شتێک گرینگتر لە مرۆڤایەتی نیە، ژیان بە بێ مرۆڤایەتی چ مانایەکی هەی؟ وەرن هەموومان بۆ مرۆڤایەتی شەڕ بکەین.

# ئێمە هەمووومان پێکەوەین

مونشێن ١٠ سێپتەمبەری ٢٠١٦, چوارەمین ڕۆژ لە زێندلینگەرتور

لە درێژەی ڕۆژدا ٩٨ کۆچبەرمان سەرژمێری کردوە! ئەوە یانی ٩٨ ئینسانی بێ ئیقامە بڕیاری داوە سەرەڕای سوکایەتی ڕەگەزی لێرە کۆبنەوە و بێنە شەقام تا بۆ مافەکانیان بجەنگن. جا چ بە گفتگۆ و موناقەشە لە میزی زانیاری بێت و چ بە گرتنی مەیدانێکی شار وەک ڕەمزی تێکۆشان. ئێمە وەک گرووپی پەنابەران لە هەموو لایەکەوە لە ژێر فشار و سەرکوت داین. ئێمە هەموو شێوەکانی سەرکوت و هەڵاواردن تەجرەبە دەکەین: پەنابەرین و لە مافە سەرەتاییەکانی بەشەر بێبەهرەین، ژنین و هەڵاواردنی ڕەگەزی مێ دەبینین، لە گەڵ نەژادپەرەستی ڕووبەرووین و هەموو هەڵاواردنێک بە بۆنەی، زمان و روخسارمان تەحەمول دەکەین. ئێمە پێکەوە خەباتێکی کۆمەڵی دەکەین بە دژی کێشەی تاک بە تاکمان. ئێمە قوربانی نین، توورەیی و سەبووریمان هەیە. توورەین چون سەرکوت دەکرێین و سەبوورین چون دەزانین بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانمان دەبێ تێکۆشانێکی درێژماوە بکەین.

لە ڕووداوە بچووکەکانەوە ئێمە هەست دەکەین کە چەندە یەکگرتووین. لەو روەوە کە دەبێ پشت ببەستین بە هاوکاریەماڵیەکان، پارەیەکی کەممان بە دەست دەگا. بەو پارە کەمە دەبێ مەسرەفی خۆپیشاندانەکە بکەین و بۆیەش هەر خۆمان لە پارەی خۆمان تەرخان دەکەین بۆ ئەو مەبەستە.

## تێکۆشانی ئێمە بەردەوامە تا ڕۆژی ڕاپەڕین!

# بانگەواز بۆ کۆبونەوەی ڕێکخستنی نارەزایەتی پەنابەران

ڕۆژەکانی ٦ و ٧ سێپتەمبەر مونشێن

پەنابەرانێک کە لەو هەل و مەرجە نامرۆڤانەیەی پەنابەری لە وڵاتی ئاڵمانیا، ژیان و داهاتووی خۆیان و منالانیان لە مەترسی دا دەبینن. ئێمە هەموومان بە هۆکار گەلی جیاواز وڵاتەکانی خۆمان جێ هێشتوە و هاتووینەتە ئێرە بە هیوای بە دەست هێنانی ژیانێکی ئاسوودە. زۆربەمان لە ڕێگای دژوارەوە هاتووین، مەترسی گەورەمان لە سەر بوە، چەند هەزار کیلۆمەترمان بڕیوە تا بەڵکو ژیانێکی تازە و باشتر بە دەس بێنین.

بەڵام لە کەمپەکان وەک بە دیل گیراو لە هەڵاواردن و ناشارومەندی دا دەژین. هەموو کات چاوەروانی قەراری نامرۆڤانەی دیپۆرتین، لە خوارترین توێژی کۆمەڵگا داین و ناچارین بە ڕەچاوکردنی یاسا دژە مرۆڤیەکان وەک ناوچەی هاتووچۆ و ژیانی زۆرەملی لە کەمپەکان. ئێستا کاتی ڕاپەرینی هەموومانە دژی ئەو ناعەدالەتیانە. کاتی هەستانە چون چیتر نامانهەوێ دانیشین و ببینین کە چۆن دەمانبەن بەرەو هەڵدێر. یاسا ئینسان کوژەکان دەمانبەن بەرەو مەرگ.

داواکانی ئێمە

- هەلوەشاندنەوەی یاسای دیپۆرت
بە بڕوای ئێمە هەڵبژاردنی شوێنی ژیان یەکێک لە سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسانە کە تەنیا بڕیاردەر کەسەکەیە بە پێی ئیرادەی خۆی. گەڕاندنەوەی کۆچبەران کە لە سەر دان و ستانە سیاسی و ئابووریەکانی دەولەتەکانە، زەوت کردنی ئەو مافەیە و ڕاگرتنی گەڕاندنەوەی پەنابەران لە لایەن دەوڵەتی ئاڵمان خواستی ئێمەیە.

- کۆکردنەوەی کەمپەکانی کۆچبەری
کەمپە کۆچبەریەکان وەک دیوار، کۆچبەران لە کۆمەڵگە دادەبڕن. هەل و مەرجی نەگونجاو کە وەک سجنەکان و مەعەسکەرەکان لە لایەن پارێزگاری کەمپەکان یان خۆ تیلدڕو پارێزگاری دەکرێ و ژووری بچووک بچووک بۆ چوار یان پێنج کەس. ئەو وەزعە وای کردوە کە کەمپ نە شوێنێک بۆ ژیان بەلکو ببێتە شوێنێک تەنیا بۆ زیندوومان. ئێمە داوا دەکەین هەموو ئەو کەمپەکان کۆکرێنەوە کە کۆچبەران شوێنی تایبەت بە خۆیان نیە تێیدا.

- مۆڵەتی کار بە بێ مەرج بۆ هەموان
ڕاگەیاندنەکان بیری گشتیان وا ڕێک خستوە کە گۆیا پەنابەران تەنیا مەسرەف دەکەن و هەموو کاتیان بە بەتاڵی دەڕوا و کار ناکەن و لە سەر گیرفانی کۆمەڵگا دەخۆن. بە ڕاست کە وانیە. ئێمە دەمانهەوێ بە بێ مەرج مافی کارکردنمان هەبێ چون پێمان وایە هەموومان ئەوەندە توانایین کە بتوانین ژیانی خۆمان ئیدارە کەین و خۆمان بەڕێوە بەرین.

- وەرگرتنی پەنابەری
بە بڕوای ئێمە مافی پەنابەری مافی هەموو ئەوانەیە کە بە هۆی شەر، هەژاری و دیکتاتۆری هەڵاتوون تا بەختیان هەبێ بۆ ژیانێکی تازە و ئابڕوودارانە. ئەو هۆکارانە هەمان دەوڵەتە ئەوروپیانە سازیان کردوە لە ولاتەکانی ئێمە. بە فرۆشتنی چەک و چۆڵ بە دەولەتە دیکتاتۆرەکان یان گرووپە چەکدارەکان، داگیرکاری و لە ناوبردنی ولاتەکان بە ناوی تەداخولی بەشەردۆستانە و هەناردە کردنی دێمۆکراسی.

بە هەزاران هۆ دەتوانین بیسەلمێنین کە جوانی و ئاوەدانی وڵاتانی جیهانی یەکەم سەمەرەی لە ناوبردنی ژیانی ئێمە لەو وڵاتانەیە کە بە جیهانی سێهەم دەناسرێ. بۆیە ئێمە مافی پەنابەر بوونمان هەیە.







Refugee Struggle for Freedom, Protest March 2016: Day 3:
https://www.youtube.com/watch?v=mII8mfpUmZo

# ئاکسیۆن: بەیانی خێوەتی نارازیان لە زێندلینگەرتور

لەوەی کە گەیشتوینەتە ئەمڕۆ ناهومێدین، ئێمە لێرەین چون هیچ چارەیەکی ترمان نیە.

ئێوە دێموکراسی و مافی مرۆڤتان هێنا وڵاتەکانی ئێمە و بە زۆر ئێمەتان ئیستعمار کرد و ڕازیتان کردین کە ئەم کارە زەرورە. ئابووری ئێمەتان خستە ژێر دەستەوە و سندوقی نێو نەتەوەیی دراوتان بە سەرمان دا زاڵ کرد. کلتووری ئەورووپیتان بە سەر دا سەپاندین و هەموو دارایی ئێمەتان بردە وڵاتەکانی خۆتان بە بێ ئەوەی خۆمان مافی هاتنمان هەبێت. کاتێک ئەم کارانەتان دەکرد تەنیا هۆشتان لای کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری قازانج بوو، بە هۆی بوونی قازانجی ئێوە لە ئەفریقا، گەنجانی ئەوێ لە سایەی سەرکوت و گەندەڵی دەوڵەتەکان دا تەعزیب دەدرێن. ئەو دەوڵەتانە لە هیچ ناترسێن چون هەموو کات لە لایەن ئێوەوە هاوکاری و پشتیوانی دەکرێن. پێتان وایە دوای هەموو ئەوانە ژیانێکی ئاسوودەتان دەبێ؟ نا نا نا

بە بوونی ئەو سیاسەتە چەوتانە جیهان هیچکات ئازاد نابێت. چون ئەوە سیاسەتی شەر و سەرکوتە و ئێوەش ناتوانن چاوتان بقوچێنن بەرامبەری. من ڕەنگە خەڵکی سێنێگاڵ، کوردستان، ئێران یان خۆ پاکستان بم، بەڵام نەتەوەی من هیچ گرینگیەکی نیە، تەنیا شتی گرینگ ئەوەیە کە من لەو جیهانە دەژیم. ئەو خاکەی کە بۆ بەشەرە. بە داخەوە ئەو ژیانە هیچ مانایەکی نیە، چون بەشەر کاتێک بە دوای ئایدۆلۆجیاکانەوە دەڕوا و ناشزانێ چین، تووشی گەمژەیی و نەفرەت دەبێ و نە هیچ دەبینێ و نە هیچ دەبیستێ.

هیچ کەس بە کۆچبەری لە دایک نابێ، ئەوە ئێوەن کە ئەو وەزعە دژوارەتان ساز کردوە و لێشی بەرپرسیار نین، ئەنەهوو نابینن.

ئێوە ناتانهەوێ ئێمە دەرک بکەن.

# پێشنیارەکانمان بۆ هەڵسوکەوت لە گەڵ یەکتر

ئێمە بەو نارەزایەتیە دەمانهەوێ دژی هەموو شکڵی هەڵاواردنێک بوەستینەوە. بۆ ئەوەش هەموو کات ڕێزی یەک دەگرین. زۆر کات بە بێ دڵخوازی خۆمان دەبینە هۆی دڵهێشانی هاوڕێکانمان، بۆیە ئەو پێشنیارانە بە باشی ڕەچاو بکەین:

١. ئەوانەی کەم قسەن، زیاتر گوێیان بۆ ڕاگرین.
٢. کەسانێک کە لە باسەکان دا بەشداری ناکەن و بێدەنگن بێنینە ناو باسەوە و داوا بکەین ڕای خۆی بڵێ.
٣. کەسانێک هەن کە بە پێی پێویست سەرنجیان نادرێتێ، وەک ژنان یان ئەو کەسانەی خۆیان ژن یان پیاو ناناسێنن یان کەسانی کەم ئەندام و بێتوانا. بە وردی گوێیان بۆ بگرین چون قسەی زۆریان بۆ کردن هەیە.
٤. گرفتی کەمایەتیەکان وەک کێشەی هەمووومان سەیر بکرێ و خۆمان بە هاوپشتیان بزانین.
٥. جیاوازی ئایدیای ئینسانەکان قوبوڵ بکەین، کەسانێک هەن وەک ئێمە بیر ناکەنەوە، ئایینیان وەک ئێمە نیە، یا شایەد بڕوادار نەبن بە ئایین. کەسانێک کە ستەم لەوانی تر دەکەن یان لە کۆبونەوەکان دا توند و تیژن تەحەمول نەکەین و رووبەڕوویان بوەستینەوە.
٦. بە بێ ئیزن دەست لە جەستەی کەس نەدەین
٧. هەمووومان هەرێمی تاکەکەسیمان هەیە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ، بۆ نموونە بە بێ ئیزن وێنە لە کەس مەگرن.
٨. کەسانێک هەن کە خۆیان نە بە پیاو دەزانن نە بە ژن، ژنن و ئاشقی ژن دەبن یان پیاون و ئاشقی پیاو دەبن. ڕێز لە پێناسەی جنسی ئینسانەکان بگرین.
٩. زۆر کەس زەواج کردن شتێکی تاکەکەسیە و پێیان خۆش نیە لەو بارەوە پرسیاریان لێ بکرێ.
١٠. ئێمە هەمووومان پێکەوە ئەو بەرنامەیە دەبەینە پێش، هەمووومان دەبێ هەوڵی بۆ بدەین. ژنان دەبێ لە کارە سەرەکیەکان دا بن.
١١. ئاڵمانیەکان نابێ لە سەفی پێشەوەی خۆپیشاندان بن.
١٢. پیاوان دەبێ لە ژێرکردنەوەی منالان و شۆردنی قاپ و کەوچک بەشدار بن.

ئەگەر ئەڵمانی یان هاوپشتی ئێمەی:
١. زۆر کەس پێیان خۆش نیە لێیان بپرسرێ کە خەڵکی کوێن یان ڕابردوویان چیە. کۆچبەرێک کە بیهەوێ لەو بوارەدا بدوێ خۆی سەری قسە دەکاتەوە.
٢. ئەوە بزووتنەوەی ناشارومەندان و کۆچبەرانە، هەوڵ مەدەن بۆچونی خۆتان بسەپێنن.
٣. لە گەڵ ڕۆژنامەوانان قسە مەکەن و ئیزنی وێنەگرتنیان مەدەنێ.
٤. لە گەڵ پۆلیس مەدوێن.





# ئاگاداری بۆ پەیوەست بوون بە ڕێپێوان لە مونشێن تا نورێنبێرگ

لە ٧ی سێپتامبەرەوە کۆچبەرانی نارازی لە زێندلینگەرتور لە مونشێن هاتنە قۆناغێکی تازەوە لە دژایەتی کردنی هەل ومەرجی نامرۆڤانەی ژیان و یاساکان لە ئاڵمانیا. ئێستاکە کەمپی نارازیان لە زێندلینگەرتوری مونشێن ئاوەدانە.

ئامانجی ئەم نارەزایەتیە ڕێکخستنی کۆچبەرانێکە کە لە کەمپەکان دەژین بۆ ئەوەی بێنە ریزی ئێمەوە. دوای گوفتگۆی درێژخایەن لە نێوان کۆچبەرانی نارازی و ئەو گرووپە هاوکارەکانی کۆچبەران بڕیار درا لە ڕۆژەکانی داهاتوو دا ٥ کۆمیتە ساز کرێت. داواکارین هەر گرووپ یان کەسێک کە توانایی هاوکاری هەیە پێوەستمان بن.

کۆمیتەی پەیوەندی
١. پەیوەندی گرتن بە گرووپەکان یان خۆ کەسانێک کە لە سەر ڕێگامانن تا نورێنبێرگ بۆ وەرگرتنی هاوکاری.

٢. پەیوەندی بە محامیەکانەوە کە زانیاریان لە سەر یاسای پەنابەری و یاسای خۆپیشاندان هەیە تا لە ئەگەری ساز بوونی هەر کێشەیەک بتوانین بە زویی چارەسەری بکەین.

کۆمیتەی تەداروکات

ئەو کۆمیتەیە پێک هاتووە لە کۆچبەران و هەڵسوراوانی ئاڵمانی بۆ دابینکردنی تەداروکاتی پێویست.

١. بۆ ئەم ڕێپێوانە ئێمە پێویستیمان بە ئیزنە لای پۆلیس، پێویستمان بە شوێنی خەوە، دەمانهەوێ لە شارەکانی سەر ڕێگامان خۆپیشاندان بکەین، دەمانهەوێ لە ماوەی ڕێپێوانەکە دا ئاسایشی کۆچبەران پارێزراو بێت.

٢. بۆ هەڵگرتنی پێداویستیەکان و هەروەها جانتای کۆچبەران پێویستیمان بە سەیارەیەک هەیە و هەروەها تەوالێتێکی کاتیمان دەوێ کە لە گەڵ خۆمان ببیەین.
٣. بابەتە گرینگەکان لە ڕێگای ڕۆیشتن: شوێنی خەو، خێوەت و کیسە خەو، خواردن، سەیارە، تەوالێت و حەمام، کارەبا، پێداویستی پیزیشکی، بڵیندگۆ و بڵاوکراوە سەبارەت بە ڕێپێوان.

کۆمیتەی ڕاگەیاندن
١. ئێستاکە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان هۆکارەکانی سازبوونی نارەزایەتی لە زێندلینگەرتور دەزانن و هەواڵەکانی بە پێی بەیانە ڕاگەیاندراوەکان بڵاو دەکەنەوە. ئێمە پێویستیمان بەوەیە کە ڕاستیەکان ئاشکرا بکرێن، بۆیە دەبێ بە وشیاریەوە بڕوانینە کاری ڕاگەیاندنەوە. پێویستیمان بە لیستێک لە ڕۆژنامەنووسانی ئازادە و دەبێ هەندێ پەیوەندیمان لە گەڵ ڕاگەیاندنەکان هەبێ تا زانیاریە تازەکانیان پێ بدەین. گرینگە کە پەیوەندیمان هەبێ لە گەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە حەز دەکەن کار بکەن بۆ کۆچبەران، تا پێمان پەیوەست بن و لە ڕێگەی ئەوانەوە بانگەشەی ئەم نارەزایەتیە بکەین.

ئەم ماڵپەرە ئەنتەرنێتیە کۆچبەران بەڕێوەی دەبەن و لەوێوە بۆچونەکانی خۆیان دەخەنە بەر دەست. ئەو ماڵپەڕە وتەبێژی ڕاستەقینەی نارەزایەتیەکە دەبێت و دەبێ بانگەشە بۆ هەرچی زۆرتر دیترانی بکرێ. دەستی هاوکاری درێژ دەکەین بۆ هەموو ئەو گرووپانەی بەشدار دەبن بۆ نووسینی بابەت تا بزوتنەوەکەمان پەرە بستێنێ. هاوکار بن!

٢. دەمانهەوێ لە درێژەی ڕێپێوانەکە دا کۆبوونەوەی ڕاگەیاندن ساز کەین. دەبێ شوێن بۆ ئەم مەبەستە دابین بکەین، لە گەڵ ڕۆژنامە ناوچەییەکان پەیوەندی بگرین و بانگهێشتیان بکەین بۆ کۆبونەوەی ڕاگەیاندن.

کۆمیتەی دێکۆمێنتار
١. زۆر گرینگە کە ڕێپێوانەکەی ئێمە گروپێکی وێنەگر، ڕۆژنامەنووس، فیلم ساز و... لە گەڵ بێت. ئەگەر هاوکاریەکتان لەو بارەوە لە دەس دێت پەیوەندیمان پێوە بگرن.

کۆمیتەی ماڵی
١. نارەزایەتی ئێمە سەرەڕای هەموو گوشارەکان هەروا بەردەوامە. ئێستا ئێمەی کۆچبەر بەرەو ئامانجەکانمان هەنگاو دەنێین، بۆ ئەو مەبەستە پێویستیمان بە هاوکاری ماڵی هەیە. دەستی هاوپشتی درێژ دەکەین بۆ هەر گرووپ و سازمانێک کە دژی ئەو یاسا نامرۆڤانەیە و نایهەوێ کۆچبەر دیل بکرێ لە کەمپەکان دا.




# بە دەستەوەمان گرت

مونشێن ٧ سێپتەمبەری ٢٠١٦

دوای خۆپێشاندانی بەهێز لە مونشێن، نزیک لە ٥٠ کۆچبەر بڕیاریان دا مەیدانی زێندلینگەرتور بە دەستەوە بگرن.

نزیک لە سەعاتی ٣ پاش نیوەڕۆ خۆپێشاندان لە "ستاشۆس/کارۆل پلاتز" بە دروشم گەلی جیاواز دەستی پێکرد. دروشمی "١,٢,٣,٤، هەموو لێرە دەمێنن" ، "هاوپشتی لە گەڵ بێ ناسنامەکان". لەو خۆپێشاندانە گرفتەکانی ژنانی کۆچبەر باس کرا. باسی ئەوە کرا کە ئەو کێشانە کێشەی هەموو بزوتنەوە نارازیەکانە. هاوڕێیەک ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی ژنان، لێزبیەنەکان، ترانسەکان و ئینتێرسێکسەکانی باس کرد: شەر، کێشەی ماڵی و پاشکۆی ماڵی بوون، تەعەدای جنسی، سەقەت کردنی ژنان (خەتەنە)، بە زۆرەملی بە شوو دان، نەبوونی ڕەهایی لە بڕیار بۆ خواستی جنسی و پێناسەی جنسی، نەبوونی ئیختیار بۆ هەڵبژاردنی ئایین یان جل و بەرگ.

جەوی هاوپشتی و شەفافیەت بە سەر خۆپێشاندانەکەدا زاڵ بوو. ناشارومەندان دەیانگووت: دەوڵەتی ئاڵمانیا ئێمە بە دوو دەستەی ئێرەیی و خاریجی بەش دەکات. دەستەی یاساییەکان و نایاساییەکان و هەوەها پەنابەرانی سیاسی و پەنابەرانی ناسیاسی. ئێمە دژی ئەوەین چونکە دەمانەوێ لە قەراخی یەک تێبکۆشین و بژین و مافی یەکسانمان هەبێ.

لە کاتژمێر ٧ی ئێوارێوە "زێندلینگەرتور" لە لایەن ٥٠ کۆچبەرەوە گیرا کە دەیانهەوێ مافی مانەوەیان بدرێتێ.

